# سامی حەمە موئمن

**ئەگەر تەماشای ئیشەکان بکەی زۆرتر لە تابلۆیەک ئەچێت کە هونەرمەندێکی شێوەکار کێشابێتی.**



ژیان لە چاوی کامێراکەی
"سامی حەمە موئمن"دا
هونەرمەند" سامی حەمە موئمن" یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لە بواری هونەری فۆتۆگرافدا کاردەکاو بەبەرهەمە جوانەکانی بینەر تووشی سەرسامی دەکات,هونەرمەند جگە لە کوردستان لەدەرەوەی وڵاتیش کارەکانی نمایش کردووە وەك وڵاتانی"یەمەن, سوریا دانیمارك" بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر کارەکانی هونەرمە نمان دوواند.
دیداری/ عومەر کەریم بەرزنجی

***جیاوازی لەنێوان وێنەگرێکی ئاسایی و هونەرمەندێکی فۆتۆگرافدا چیە؟**

-دیارە وێنەگرێکی ئاسایی ئەو کەسەیە کە دیکۆمێنتی واقیع ئەکات, ئەچێ ئەو شتانەی کە دەبیینێ لە دەرەوە تەنها تۆماری ئەکات و ئەو لەحزانە ئەگرێت و هەڵی ئەگرێ, بەڵام هونەری فۆتۆگراف, وەکو هونەر سەیری بکەیت هەمان رۆڵی هەیە کە رۆڵی تابلۆیەکەو ئەبێت وێنەکەت نمایشی نامەئلوف بێت یەعنی نمایشی شتێکی جیاواز بێ لەوێنەی باو لەشێوازوو شکڵی باو.

***لەرێی کارەکانتەوە کە لەو پێشانگایانەی لەدەرەوەی وڵات کردوتەوە تاچەند توانیوتە کوردو کولتوری کورد بەجەماوەری کارەکانت لەو وڵاتانە ئاشنا بکەیت؟**

-هەڵبەتە تەنها پەنجەرەیەك کە لە کۆیە تۆ ئەیگریت و ئەییەی لە وڵاتێکی تر نمایشی ئەکەی, بۆ خۆی ئەمە نمایشی کلتوری ئەم گەلەیە, لە پێشانگاکەی پێشوو کە لە سوریا کردمەوە بەشێك لەو وێنانەی کە نمایشم کردبوو نمایشی ئەم شوێنەبوو, کولتوری ئەم شوێنەبوو لەوێ, لە دواین پێشانگەشا کە لە دانیمارك کرایەوە هەموو ئیشەکان نمایشی کولتوری کورد بوو, وەکوو جلووبەرگ تەبعەن بەتایبێکی هونەری, بەڵام نمایشی ئەو شتانە بوو کە کورد بەچی ناسراوە لە رەنگ و لە سیماو ئەو بابەتانە.

***وەك هونەرمەندێك هاندەری ئەم کارانەت چیە, ئایا بەتەنها خولیایە یاخود پەیامێکت پێیەو دەتەوێ لەرێی کارەکانتەوە بەبینەری بگەیەنیت؟**

-هەڵبەتە من وەك شێوەکارێك دەستم بەئیشکردن کردووەو لەناو ئیشەکانیشما هێشتا ئەوبەشە شێوەکارە زاڵە بەسەرما, پەیامەکە پەیامێکی دیاری کراو نیە بەقەدەر ئەوەی من هونەرم خۆشەوێ و هەستەکەم من بەبێ هونەر هیچ وجودێکم نییە.

***لەچەند وێنەیەکدا مرۆڤەکان لەنێو ئاودا دەبینرێن, ئایا ئەم وێنانە دەلالەت لە هەوڵی مرۆڤ دەکەن بۆ پاك بوونەوە لە خراپەو ناشیرینیەکان؟**

-هەڵبەتە ئەوە مەسەلەن بۆچوونی کەسێکە کە ئیشێك دەبینێت دیارە خۆی بەجۆرێك ئەو کارە شی ئەکاتەوە بەڵام بۆمن ئەو کارە زۆرتر ئیشکردنە لەگەڵ تێکستچەری ئاودا کە تێکستچەری جیاواز پیشان بەم, وەزیفەی ئاو بوونی لێ ئەسە نمەوە لەوێدا من وەکو ئاو تەماشام نەکردووە, بەقەدەر ئەوەی وەکو پانتاییەکی رەنگی کە کەسێك گەمەی تیا ئەکا یان کەسێك کەوتۆتە ناو تابلۆیەکەوە چونکە ئەگەر تەماشای ئیشەکان بکەی زۆرتر لە تابلۆیەك ئەچێت کە هونەرمەندێکی شێوەکار کێشابێتی.

ئەم دیدارەم پێشتر لە مانگنامەی"رێبازی ئەدەب و هونەر"دا و بەناوی"گەڤەر کوردستانی" بلاو کردۆتەوە؟